# دەرەوەی وولات مەیدانیکی ئەصلی کیشمەکیشە لەسەر ئایندەی کۆمەلگاو دەبێ بە دەستەوە بگیریت

ئەمە چاوەروانیەکە کە دەبێ حیزبی ئیمە لە دەرەوەی وولاتدا لەبەردەم خۆی دایبنیت، تشکیلاتی خارجیش وەسلەیەکی ئەساسی دەستی حیزبە بۆ بەدیهینانی ئەم چاوەروانیە. کۆنفرانس دەبێ لەم ریگایەدا تواناو ئامادەیی ریکخراوی دەرەوە بەریتە سەرەوەو نەخشەی هەلهینانی هەنگاوی گەورەو خیرا لەم ریگایەدا بخاتە بەردەمی.

کۆنفرانسی یەکەمی ریکخراوی دەرەوەی وولات دەبێ بەم پیوانەیەو بەم روانگەیە داستانی 13 سال خەبات و تیکۆشانی لیبراوانەو پر بایەخی رابردووی خۆی هەلسەنگینێ، خالە بەهیزو لاوازەکانی خۆی دیاری بکات و هەر لیرەشەوە جهەتگیری و نەخشەو بەرنامەی کاری داهاتوی خۆی دابریژیت. لەم هەلسەنگاندنە پیویستە کۆنفرانس بە چاویکی پر بایەخەوە بروانیتە ئەوەی کە ریکخراوی دەرەوە لە ماوەی نزیك بە 13 سالی رابردوودا گەلیك کاری عەزیم و گەورەی کردوە، سەنگەریکی قایمی خەبات بووە بۆ بەرگری لە خواست و مافەکانی خەلکی عیراق و کوردستان لە هەموو بوارو مەیدانەکاندا، سەنگەریکی قایم بووە بۆ بەرگری لە حیزب و کۆمۆنیزم، لە هەموو کیشمەکیشەکانی حیزب لە گەل کۆنەپەرستان و دوژمنانی ئازادی و سۆسیالیزم بەشداریەکی چالاکانەو دەوریکی گرنگی گیراوەو دەرەوەی وولاتیکی کردوەتە یەکیك لە مەیدانە ئەصلیەکانی ئەو کیشمەکیشانە. بەلام لایەنیکی تریش ئەوەیە کە ئەو ئاستەو ئەو جۆرە لە کار کە لە ماوەی ئەم 13 سالەدا کراوە، لەگەل هەموو گرنگی و بایەخیکیدا ئیتر وەلامدەرەوەو لە ئاستی ئەو پەیامە عەزیمەدا نیە کە حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی بۆ دەرهینانی کۆمەلگای عیراق لە مەرگەساتی ئیستاو لە پیناو دنیایەکی باشتردا بەرزی کردوەتەوە. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ کۆنفرانس بە ئیرادەیەکی عەزیمترەوە، بە چاوەروانیەکی بەرزترەوە، ریکخراوی دەرەوە بۆ دەورەیەکی پر کار ، بۆ دەورەیەك لە کاری چروپرو گەورەو فراوان و کاریگەر کە لە ئاستی کیشمەکیش لەسەر چارەنوسی کۆمەلگای عیراق بیت، ئامادە بکات. ئەمەش ریکخراویکی گەورەی سیاسی و کۆمەلایەتی قودرەتمەندی دەوێ لە دەرەوە. دەبی کۆنفرانس لەسەر چۆنیەتی دامەزراندنی ئاوا ریکخراویك بیریتەوە.

مەیدانی دەرەوەی وولات هەمیشە بۆ حیزب و بزووتنەوەی ئیمە گرنگ و پر بایەخ بووە، بەلام هەلومەرجی ئیستای جیهان و وەزعی تایبەتی عیراق لە هەموو کات بایەخ و گرنگی ئەم مەیدانەی زیاتر کردوە، لە ماوەی نزیك بە 13 سالی رابردوودا مەیدانی دەرەوەی وولات مەیدانیکی گەرمی خەباتی حیزبی ئیمە بووەو هەمیشە رەقیبان و دوژمنانی ئیمە لە شەرو بەرامبەرکێ لەگەل ئیمەدا، حسابیان بۆ توانای ئیمە لەم مەیدانەدا کردوە، بەلام هەلومەرجی ئیستا لە هەمووکات زیاتر زەمینەی بۆ پەرەسەندنی خەباتی ئیمە لەم مەیدانە لەبارتر کردوە. دەرەوەی وولات هەموو کاتیك زەرورەتی گەورەی بۆ حیزب و بزووتنەوەی ئیمە بووە، بەلام ئەمرۆ زەرورەتی ئەم مەیدانە لە هەمووکات زیاتر بووە. کۆمەلگای عیراق خراوەتە ناو جەنگیکی گەورەو خویناویەوە، دەرەوەی وولات مەیدانیکی گرنگی جەنگینە لە دژی ئەم جەنگە. کۆمەلگای عیراق خراوەتە نیو زەلکاوی سیناریۆیەکی رەشەوە، دەرەوەی وولات مەیدانیکی گرنگی جەنگینە لە دژی ئەو سیناریۆ رەشە.

کۆنفرانسی یەکەمی ریکخراوی دەرەوەی وولات دەبێ هەنگاوەکانی ئەم ریکخراوە بۆ بەدەستەوەگرتنی ئەم مەیدانە گرنگە دیاری بکات و ئامادەییەکانی خۆی بۆ باشتر راپەراندنی ئەو هەنگاوانە بباتە ئاستیکی بەرزەوە. کاری کۆنفرانس دەبێ لە دەوری چۆنیەتی شکلدان بە تشکیلاتیکی تۆکمەو گەورەو فراوان و کۆمەلایەتی و کاراو ئامادە، لە دەوری چۆنیەتی شکلدان بە حیزبیکی سیاسی قودرەتمەندو گەورە، تەوەر ببەستێ. حیزب و تشکیلاتیك کە بتوانێ لە مەیدانی دەرەوەی وولاتدا وەکو هیزیکی چالاك و کاریگەر بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی کۆمەلگاو دەسەلاتی سیاسی دەربکەویت و ئەم مەیدانە بە دەستەوە بگریت.

دەستەبەر بوونی ئەو چاوەروانیان لە کۆنفرانس و لە دەورەی داهاتوی هەلسورانی دەرەوەی وولات، پیش هەر شتیك بەندە بە ئیرادەی خۆمانەوە، بەندە بەوەی کە هەر یەك لە ئیمە چ ئامادەییەك لە خۆی نیشاندەدات لەم ریگایەدا خۆی بۆ لە ئەستۆ گرتنی چ ئەرکیك ئامادە کردوە. گومانیك لەوەدا نیە کە لە دەرەوەی ئامادەیی و هەست بەلیپرسراویتی هەر یەك لە ئیمەدا هیچ شتیك روونادات. دوا ووتەی من ئەوەیە هەموو نوینەرانی کۆنفرانس، هەموو ئەو هاوریانەی کە بەشداری کۆنفرانس دەکەن، هەروەها هەموو ئەو هاوریانەی کە ناتوانن بەشداربن بەلام لە دورەوە چاوی ئومیدی تێ دەبرن، پیویستە خۆیان بۆ

**له ئەستۆ گرتنی ئەو ئەرکو ئەرکو مەهامە گرنگانە ئامادە بکەن کە کۆنفرانس دەیخاتە ئەستۆی ریکخراوی دەرەوەی وولات. من دلنیام لە تەشخیصی دروستی کۆنفرانس بۆ ئەرکو مەهامەکان، بەلام راپەراندنی ئەوانە ئیرادەو هیزی فاعلی ئینسانی دەویت، ئیمە لەو مەیدانەشدا خاوەن هیزی گەورەین بەو مەرجەی تواناو ئیرادەکانمان بە باشی بەگەر بخەین. ئەمە زامنی ئەوەیە ئارایشیکی بەرزو کارساز بە خۆمان بدەین کە لە ئاست راپەراندنی مەهامەکانمان بیت.**

**هەموو وەرن بۆ کۆنفرانس، با کۆنفرانسیکی پر هیزو سەرکەوتوو بەرپا بکەین، بە هیوای دیداری هەمووتان لە کۆنفرانسدا**

**بژی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق**

**بژی ریکخراوی دەرەوەی وولات**

**ریبوار احمد**

06–1–11